# کۆندۆلیزا ڕایس ( نوێژ بۆ لوبنانییەکان دەکەم)

مەحموود محەمەد عووسمان



ئەم یەکەم کەس نییە وەک نوێنەری دەسەڵات دەست بکاتە نوێژ کردن و ئحساساتی خەڵک بروژێنێت و وەک پەیامبەری ئاشتی خۆی پێشانبدات. بە ناو خوا و ئاین و پیاوانی دەسەڵاتی ئاینی و نوێنەرانی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە درێژای مێژووی کۆمەڵگە، ئەم جۆرە خیتابەیان بەکارهێناوە بۆ گێلکردنی خەڵکی، ئاخر فەرعۆنیش ئەیوت بۆ ئەوەی خواتان لێ ڕازی بێت دەبێت بپروقێن و بەرگەی هەموو نەداری بکرن لە پێناو ئەوەی ئێمە بەختەوەربین و داوای خێرتان بۆ دەکەین. ئاشورپانیپالیش وای ئەوت لە کاتێکدا ئازاری نەیارانی بە جۆرێک ئەدا لە دڕندایەتی وێنەی نەبوو. حەجاج بن یوسف ئەلسەقەفیش نوێژی ئەکرد بەڵام مەعلوومە چی ئەکرد بە ژنان، فرانکۆ و هتلەر و سەدام و مۆسۆلینی و پینێوشێ و دام و دەزگایان هەتا قسەیەکیان دەکرد ناوی خوا وسەڵاوات دەباری لە دەمیان و بینیمان چی کارەساتێکیان بەسەر گەلاندا هێنا. بۆشیش هەموو ڕۆژێ لە موناداتی خوا ناوەستێت و پشتگیری کوشتاری منداڵانی لوبنان دەکات و خومەینی بەسەر بەرماڵەوە فڕی بۆ ئێران و بەرنامەیەکی داڕشت هەتا ئێستە مەفعوولی ماوە بۆ لەناوبردنی مرۆڤ، زەرقاویش سەری برۆشتایە نوێژی نەدەڕۆشت، حەسەن نەسرۆڵایش هەمان بابەت و ئەحمەدی نەجات بۆ خۆی تیرۆرستە و فرمێسک دەبارێنێ لە کاتی نوێژکردن لە حزوری ئیمامەکەی کرنۆش دەبات.

ڕایس دەڵی نوێژ دەکەم و کەچی بۆ 20 ڕۆژە ئاگر دەبارێ بەسەر خەڵکی لوبنان و ئەمانیش ڕۆژانە پشتگیری خۆیان دەردەبڕن. هەتا منداڵانی بێ تاوان و ژنانی گیرۆدەی دەستی دواکەوتووی نەبینێت خەڵتانی خوێن بکرێن، ئامادە نییە جەنگی نێوان دوو لایەنی شەڕخواز بووەستێنێت و دڵی ئارام ناگرێت.

ئەم چەند خاڵە باس دەکەم

1- ئیسرائیل دەڵێ: لە ئەنجامی بەدیل کردنی دوو سەرباز ئەم شەڕە بەرپابوو. باشە خۆ هێرشی ئیسرائیل لە ساڵانی 82 نە سەرباز بە دیل گیرابوو و نە حزبولایش ئەم حزبەی ئێستە بوو کە توانایەکی سەربازی هەیە. ئەو کاتە گرۆپە فەلستینەکان لە شوێنی حزبەڵا بوون، دوای هێرشی ئیسرائیل و کارەساتی سەبرە و شاتیلە وێرانکردنی لوبنان، ڕاپەڕین درووست بوو و حەماس و جیهادیش بەهێز بوون و لەناو غەزەو شارەکانی تری فەڵەستین بەهێزن، و حزبۆڵایش باشوری لوبنانی داگیرکرد، سوریاش بەهێز بوو لە لوبناندا. ئەی دوای ئەمە شەڕە چی درووست دەبێت؟ چەند گرووپی تری توندڕەو و بەدەسەڵات درووست دەبن وەک حەماس و حزبولا و جیهاد کە خەڵکی نووقمی جەهالەت و کوشتن ماڵوێرانی بکەن. هەر بەهۆی شەڕەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرووپی توندڕەو و مەزهەبییەکان درووست دەبێت. ئایە ئەم شەڕە نابێتە هۆی حزبولایەک بەناوێکی ترەوە یان هەر هەمان ئەم گرۆپانە؟

2- ئەم شەڕە سەڵماندی کە سەروەری نیشتمان و شتێک بەناو سنوور و حورمەتی وڵات بوونی نییە لای ئیسرائیل و ئەمریکا و بەیارمەتی وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، جگە لەوەی خوێنی خەڵک و بێ ئۆمێدی درووستکردن لای خەڵک و کوشتنی سەدان کەس و دەربەدەرکردنی هەزارەها کە هێڵی پانی سیاسەتی

ئەمریکایە و بۆ چەسپاندنی زلهێزی و نەزمی نوێ جیهان هیچی تر نییە وە خۆی بە ئاشکرا دەڵێت کە چی هەندێک پاساوی بۆ دەهێننەوە. دەڵێم ئەگەر سەروەری هەبێت خۆ دەبوایە لوبنان هیچ نەبێت سوپای بناردایە بۆ شەڕ. یان 22 وڵاتی عەرەبی قسەیەکیان هەبووایە کە بۆنی هێز و بڕیارێکی لێبێت کە شەڕ ڕاگرێت. ئەمانە لە پاشا پاشاترن و نە لەڕابردوودا و نە لە ئایندەدا ناتوانن هەڵوێستێک وەرگرن بەرامبەر خاوەنەکەیان بۆش و دام ودەزگای سەرمایەداری و خۆیانیش بەشێکن. حزبەوڵایش تاوانی بەشێکی ئەم شەڕەی لەسەرە.

3- چەپ و خەڵکی ئازادی خوازی جیهان دژ بەم شەڕەن و دژ بە گرۆپە ئیسلامییەکانن. شەڕ هیچ کات لە بەرژەوەندی خەڵکی ئازادیخواز و بێدەرامەتەکان نەبووە و نابێت، هەموو شتێک لە کاتی شەڕدا مسداقییەتی نامێنێت و کارەساتەکانی دونیا هەر لە کاتی شەڕدا ڕوویانداوە. کاتێک ئەم هەموو سەرمایە دەبینین کە تەرخان کراوە بۆ لە ناوبردنی مرۆڤ، و ملیۆنەها مرۆڤ بێبەشن لە سادەترین پێویستییەکانی ژیان دەبێت دژ بەم شەڕە بین. چەپەکان دەزانن شەڕ مانای وێرانکردنە و کە دژی ئەم کارە نامرۆڤانە دەوەستن و دروشم و قسەی خۆیان هەیە لەکاتی خۆپیشاندان و هەموو بەشەکانی تری دەربڕین، هەموو گروپێک یان لایەنێک بە مەبەستێک و بە دروشمی خۆی دێت، نەک هەر بۆ وەستاندیی شەڕ یان دژ بەشەڕ بگرە بۆ هەموو کێشەکان بۆ خوێندنەوەی ژیانیش بە هەموو لایەنەکانییەوە هەر یەکێ بەرنامە و تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ ژیان بۆ سیاسەت بۆ دەسەڵات بۆ خودی مرۆڤیش. من لێرە شاهیدی ئەوەم کە لەم شارەدا خۆپیشاندنامان کرد دژ بە هێرشی ئیسرائیل، نوێنەری حزبە چەپەکان بە توندی دژ بە شەڕ بوون و بەتوندی ڕەخنەیان لەسەر دەسەڵاتی هۆڵەندایش هەبوو کە هەڵوێستی نییە، و گرۆپە فەلستینییەکان و لوبنانییەکانیش هیچ کات پشتگیری حزبولایان نەدەکرد، تەنها 3 کەس ڕەسمی حزبولایان بەرزکردبووەوە ، کە دروشمیان دەوت لە 4 و 5 گەنج زیاتر نەبوون، لەگەڵ ئەوەیشدا وڵاتی خۆیانە و هەتا ئێستە ناوچەیان هەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلە و کەس و کاریان توشی کوشتن و دەربەدەری بوونە.

4- خەڵکی کورد هیچکات لە نائارامی ئەم ناوچەیەدا و بەتایبەتی لە کاتی شەڕ سوودی نەبینییەوە و سوودیش نابینێت. بگرە گەورەترین کارەساتی بەسەردا هاتووە لە کاتی شەڕدا. کورد چێ وەک دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و چی وەک حزبە کوردیەکانیش لە هەر سەنگەرێکدا بن و لە هەموو شوێنێکی کوردستان هیچ هاوکێشەیەک درووست ناکەن لە بڕیاڕدان یان لە کارکردنان بۆ وەستاندنی شەڕ یان تەرفێک بن لەو هاوکێشەیەی کە کار بکاتە سەر وەستاندنی و دەرئەنجامەکانی، تەنها لەڕێگەی پشتبەستن بە دەسەڵاتی وڵاتانی تر یان لە ڕێگەی خۆشباوەڕی و بەڵێندان لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە، ئەویش لە ڕێگەی (شفهی.زاری). تەنانەت دەتوانم بڵێم باس لە هۆ و ئەنجامەکان و شیکردنەوەکانی ئەم شەڕەیش، نەبوونی هەڵوێستی دەسەڵات و حزبە کوردییەکانی پێوە دیارە بە بێ ئەوەی هەست بکەین، بە ئاشکرا ئەمریکا چرای سەوزی بەرزکردووەتەوە بۆ تورکیا کە هێرشێکی دڕندانە بکات و دەستی پێکردووە دژ بە پ ک ک، بۆ ئەوەی تورکیا قورسای خۆی بەکار نەهێنیت دژ ئیسرائیل وپێوەندیشی بەهێزە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەلێرە هیچ لایەنێک و بە دەسەڵاتیشەوە ناتوانن قسەیان هەبێت ئەگەر بەشداریش نەبن. مانای قورسایان نییە بە هیچ شێوەیەک بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە، یان ڕۆشنکردنەوە ئەو هەنگاوە عەمەلیانە کە دەیانەوێ پەیرەوی بکەن و بە ئاشکرا باسی بکەن بۆ خەڵکی کوردستان. بەرەی دژ بە هەر شەڕێک ڕۆژ بە ڕۆژ فروان دەبێت و دەبێتیش دەنگمان بەرزبکەینەوە لەگەڵ ئازادیخوازانی جیهان بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەم دوو لایەنە شەڕخوازە ئیسلامئ سیاسی و سەرمایەداری ژیانی خەڵکی بەکار نەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان .